# اللَّهُمَّ إني أَعُوذ بِرِضَاك من سَخَطِك، وبِمُعَافَاتِكَ من عُقُوبَتِكَ، وأعُوذ بِك مِنْك، لا أُحْصِي ثَناءً عليك أنت كما أَثْنَيْتَ على نفسك

له عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: شەوێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دیار نەبوو، بە دوایدا گەڕام ودەستم بەر بنی پێیەکانی کەوت بە وەستێنراوی لەکاتێکدا ئەو لەنێژدا لەشوێنی نێژی بوو، ودەیفەرموو: «اللَّهُمَّ إني أَعُوذ بِرِضَاك من سَخَطِك، وبِمُعَافَاتِكَ من عُقُوبَتِكَ، وأعُوذ بِك مِنْك، لا أُحْصِي ثَناءً عليك أنت كما أَثْنَيْتَ على نفسك»، واتە: «ئەی خودایە؛ من پەنا بە ڕازی بوونی تۆ دەگرم لە توڕە بوونت، وپەنا بە لێخۆشبوونی تۆ دەگرم لە سزات، پەنا دەگرم بە تۆ لە خۆت، وهەرگیز ناتوانم وەسف وستایشتت بکەم تۆ بەو شێوەیەی کە وەسف وستایشی خۆتت کردووە».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: شەوێکیان خەوتبووم لە تەنیشتی پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم-، لەناکاو هەستم کرد دیار نەما، گەڕام ودەستم دا لەو شوێنەی نوێژی تێدا دەکرد لە ژوورەکەدا؛ بۆم دەرکەوت لە سوجدەدایە وپێیەکانی ڕاوەستاندووە، ودەیفەرموو: (اللَّهُمَّ إني أَعُوذ: ئەی خودایە؛ من پەنا بە تۆ دەگرم)؛ ودەیکەم بە هۆکار و وەسیلە وپێی لێت دەپاڕێمەوە وتکات لێدەکەم، (بِرِضَاك من سَخَطِك:بەڕازی بوونت لە توڕەبوونت)؛ لەوەی لە من یان لە ئومەتەکەم توڕە بیت، (و) پەنات پێدەگرم، (بِمُعَافَاتِكَ:بە لێخۆشبوونت)؛ ولێبووردەیی ولێخۆشبوونت فراوانە وسنووری نییە، (من عُقُوبَتِكَ:لە سزادانت). (وأعُوذ بِك مِنْك:پەنا دەگرم بە تۆ لە خۆت)؛ بە سیفەتە جوانەکانت لە سیفەتە شکۆدارەکانت، چونکە هیچ کەس پەنا لە تۆ ناگرێت مەگەر بە تۆ نەبێت، هیچ پەنا وڕزگاربوونێك لە الله نییە مەگەر بۆ لای الله نەبێت. (لا أُحْصِي ثَناءً عليك:وهەرگیز ناتوانم وەسف وستایشتت بکەم)؛ ناتوانم بیژمێرم ودیاری بکەم بەو شێوەی شایستەی تۆیە ئەگەرچیش ئەوپەڕی هەوڵ وکۆشش بکەم چونکە بێ دەسەڵاتیشم لە ئاست ژماردنی نیعمەتەکانت وچاکەکاریت. (أنت كما أَثْنَيْتَ على نفسك:تۆ بەو شێوەیەی کە وەسف وستایشی خۆتت کردووە)؛ تەنها تۆ بەو شێوەیە ستایشی خۆتت کردووە کە شیاوە بۆ خۆت، چی کەسێك دەتوانێت مافی ستایشکردنت جێبەجێ بکات؟!

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3566